Kurdocide Watch — CHAK — Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

**Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan**

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

## چاودێری کوردۆساید/ چاک [٩] ساڵ تەمەنی پڕ لە چالاکی بەڕێکرد

**هاووڵاتیانی خۆشەویست**

**کەس و کاری سەربەرزی قوربانیان و بێسەروشوێنکراوان و تیرۆرکراوان**

**خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکان**

**پارت و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جەماوەری و پیشەییە کوردی و کوردستانییەکان**

**مرۆڤ دۆستان لە هەر کوێیەکی جیهان هەن**

**چاودێری کوردۆساید لە ڕێکەوتی ٦-١-٢٠١١ پێدەنێتە تەمەنی [١٠] ساڵیەوە.دەسپێکی بە درووشمی "[ با هەمووما ن لە ژێر جامانەکەی عومەری خاوەر کۆببینەوە "] بوونی خۆی ڕاگەیاند ، وەک کەمپینێک بۆ یەکخستنی هەوڵ و تێکۆشانەکان بۆ ناساندنی دۆزی ژینۆسایدی کورد و بە دادگاییگەیاندنی بکەرانی لە " دەوڵەتان ، کۆمپانیاکان، کەسەکان, وەک یەکەمین ناوەندی کوردی هاتە مەیدان .هەر زوو توانی وەک ڕێکخراوێکی لە خۆبردوو خۆنەویست و بوێر لە هەولوێست و و پشوودرێژ لە هەوڵدان و داهێنەر و بە سەلیقە لە کارکردن و سە ربەخۆ لە ئایدۆلۆجیا و لایەنە سیاسییە کان , لە ناو جەماوەر**

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە ٦ - ١ - ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە ٢٤ - ١ - ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

بناسرێت ،لەو ساتەوە تاکو ئێستا ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنە کوردی و بیانییەکانەوە گوێبیستی کارو چالاکییەکانی بووین ، ڕۆژ نەبووە چاودێری کوردۆساید بە کار و هەڵوێست میوانتان نەبوبێت .

کارە زۆرو زەبەندەکانی ناوەندی چاک لە [٩]ساڵی ڕابردوودا ، ئامادەبوونی لە هەموو شوێن و پێگەکانی تێکۆشان دژ بە کوردکوژی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان ، ئامادە بوونی لە هەموو ئەو بەرەو پێگانە ، چاودێری کوردۆسایدی کردە بەڵوێستترین و چالاکترین و خۆشەویستترین ناوەندی نا حکوومی سەربەخۆ لە ئاستی هەموو بەشە کانی کوردستان .

چاودێری کوردۆساید یەکەم ناوەند بوو بە دیدێکی کوردی و کوردستانیانە کاری جدی بۆ ناساندنی دۆزی ژینۆسایدکردنی نەتەوەکەمان کرد .

لەم نۆ ساڵەدا لە هەزاران چالاکی و کەمپینی جەماوەری و کۆنفرانس و خۆپیشاندان و پەیوەندی بەستن و بەشداری کۆڕ و کۆبونەوەو کۆنگرەو کۆنفرانسی جیهانی کردووە ، چاک هەوڵی بە دادگایی گەیاندنی نەزار خەزرەجی ، وەفیق سامەڕائی ، عەباسی بایز ئاغا.... و سکاڵا تۆمار کردن لەسەر زۆر تاوانکاری دیکەی داوە. هەردەم لە ڕیزی پێشەوە بووە یاخود دەستپێشخەر بووە یا هاوکار بووە بۆ لە لەقاودانی تاوانباران و بەدواداچوونی دۆسیەکانیان .

لە هەموو ئەو تاوان و کارەساتانەی لە تەواوی پارچەکانی کوردستان بەرەو ڕووی کورد بونەتەوە ، چاک یەکەم دەنگ هەڵبڕ و داکۆکەری مەیدانی و پشتیوانکەر بووە ، چۆن بۆ ئەنفال و هەڵەبجە سوتاوە , ئاواش یەکەم لایەن بووە یادی تاوانەکانی سەردەشت و قاڕنێ و قەلاتان و زەردەو قەلادزێ و دەرسیم وعامودای کردۆتەوە ، چۆن لە پێناو ئازادی بیروڕا سوار چاکێکی نەترس بووە لە داکۆکیکردن لە چالاکوانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان , داکۆکی لە ئیحسانی فەتاحیان ، زەینەبی جەلالیان ، ئیسماعیل محەمەدی ، عەدنان حەسەن پوور ، هیوا بۆتیمار ، نورییە کەسپیر ، شوانەی سەید قادر ، فەرزاد کەمانگەر ، ، ئەنوەر حسین پەناهی ، شیرین عەلەم هولی، حە بیبۆ لا لەتیفی و بزاڤی مانگرتنی زیندانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان باشترین نمونەن. .

چاک چالاکانە پشکداری لە دۆزی دادگایی فرانس ڤان ئانرات کرد ، بە ئامادەکردنی سکاڵاکار ، دۆزییەوەی شایەتحاڵ ، ڕێکخستنی چەندین خۆپیشاندان ، دابینکردنی

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاک لە ٦ - ١ - ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاک , لە ٢٤ - ١ - ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

بەشێکی بەرچاو لە هەزێنەی پارێزەری قوربانیانی و دۆکۆمێنت بۆ دادگا ، سەرجەم ئەمانە بە تایبەتی دۆکۆمەنتەکان دەنگدانەوەی باشیان لە ڕاگەیاننەکانی هۆڵەندی و جیهانی هەبوو , بە شایەتی خودی دادگا و لایەنە بەرپرسەکان لەو دۆسیەیە بە بەبەهاترین بە شداری کورد لەو دادگاییە دێتە ژماردن .

چۆن چاودێری کوردۆساید لە پێشەوە بووە بۆ داکۆکی لە مامۆستا کامیل و ئەقلیمە ، ئاواش یەکەم و تاکە داکۆکیکەر بووە لە بنەماڵەی بێسەرو شوێنکراوان و دژ بە موتوربەکردنی لیستی شەهیدان و زیندانیان و پێشمەگەی دێرین بووە بە ناوی جاش تاوانکاران ، بۆ یەکەم جار لە کوردستان ئاشکرا کردن و پاکسازی لیستی شەهیدانی کرد بە ئەمری واقیع بە سەر دەسەلاتدارانا .

هاوکات لە ١٤-٤-٢٠٠٦ و ٢١-٨-٢٠٠٦ بووە دەستپێشخەر بۆ جۆشدانی شەقام و هوشیارکردنەوەی جەماوەر بۆ داخوازی مافە یاساییەکانی و ناسینی کردەی ئەنفال بە ژینۆساید و داوای لێبوردن کردن لە کورد لە لایەن حکوومەتی عێراقییەوە و داواکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراوانی ئەنفال لە پێشیانەوە ١٨ پاکیزەکەی کورد لە میسر ، هەروەها توانی چەندین شایەتی گرنگ بۆ دادگای باڵای تاوانەکان پەیدا بکات نموونە هەردوو پرۆفیسۆری نەمساوی و بەلجیکی ." هندریکس و فلارینکە "

چاک بوێر بووە نەک سازشکەر ، هەر بەم هۆیەوە کاتێک سوکایەتی بە شەهیدانی هەڵەبجەکرا ،سکاڵای خۆی دژ بە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدارییەتی لە عێراق تۆمارکرد ، هاوکات داوای دەستکشانەوی بالاترین دەسەلاتدارانی کوردستانی کرد و جەبەروتی ترسی دەسەلاتی شکاند , لە ئەنجامیەوە فشاری زۆری بۆ هێنرا ، وەلێ ملی نەدا بە پاڵەپەستۆکان و لە میتۆدی کارکردنی خۆی لای نەدا و بەردەوام بوو لە هەڵوێستەکانی .

سالی ٢٠٠٧ , ناوەندی چاک لە دەستپێشخەرییەکی کەموێنەدا توانی پشتگیری دەیان پارلەمانتار و حزب وڵاتانی ئەوروپا بۆ ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید پەیدا بکات ، ئەمەش دەستکەوتێکی بە نرخ بوو بۆ گەلەکەمان ، لە دوای ئەوە بە خۆشییە وە زۆر لایەنی دیکە هەمان ڕێچکەیان گرتە بەر , کە ئیمە دەستخۆشییان لیدەکەین و هیوادارین بەردەوام بن لەسەر هەمان میتۆد.

پارساڵ بە دەستپێشخەری چاک لە وڵاتانی سوید و نەرویج دوو پارتی سیاسی پرسی جینۆسایدی کوردیان بردە کۆنگرەی پارتەکەیانەوەو بڕیاری بە فەرمی ناسینیان دا.

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاک لە ٦ - ١ - ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاک , لە ٢٤ - ١ - ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

چاک توانی زۆر کۆنگرەو کۆنفرانس لە سویدو  سویسراو بەریتانیا و هۆلەندە بۆ پەرلەمەنتارو کەسایەتی بیانی و گەلانی زۆر لێکراو ئەنجام بدات.
ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ و ٢٠١٠, ساڵی گەشەکردنی چاک بوو , لە ڕوی ڕێکخراوەیی و چالاکییەوە ,چەندین کۆمیتەی نوی لە هەندێک لە باژێرەکانی باشوور و ئەوروپا پێکهێنران ، ژمارەی ئەندامانی چەندین هێندە زیادی کرد، سنوری کارەکانی بەرفراوانتربوو ،هاواکات  بە چالاکییەکانی توانی ببێت بە ئەکتیڤترین  ڕێکخراوی کوردی لە سەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان . هەر ئەمەش وایکرد  ناوە نوێکەمان ["چاودێری کوردۆساید" ] کە تەمەنی تەنها٢٢ مانگێکە ببێتە ناسراوترین و خۆشەویسترین ناو لە ئاستی سیاسی و جەماوەری و ڕاگەیاندندا.
 کۆمیتەی باکوور پار ساڵ بۆ یەکەمجار کۆنفرانسی بۆ جینۆسایدی دەرسیمی لە سوئید رێکخست و کەمپینی بۆ منالانی زیندانی لە باکوور ئەنجامدا , هاوکات  بۆ یەکەمجار نووسینگەی باشوور بەشداری کۆنفرانسی ١٥ی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی کرد لە لاهای , بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی کورد بەشداری کۆنگرەی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی کرد و بۆ یەکەمجار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆنفرانسێکی بە ناوی کورد و دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی لە شاری هەولێر رێکخست , لە جنێڤ لە پەراوێزی کۆبونەوەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمیتەی سویسرامان بەشداری چەندین کۆبونەوەی کرد .  چاودێری کوردۆساید یەکەم لایەن بوو ئازادکردنی تاریق رەمەزانی لە قاودا و لە چالاکییەکانیشدا دژ بەو کارە دەستپێشخەر و پێشەنگی هەمووان بوو , ئەمساڵیش چەندین خۆپیشاندان و کەمپینی بۆ دادگایی تاوانبارە کوردەکانی پرۆسەی ئەنفال ئەنجامدا , وە برێک لەو چالاکیانە  پەڕینەوە بۆ پایەختی کوردستان.
دوو ساڵی رابردوو چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیری کوردستانی لە نووسەران , ڕۆژنامەنووسان و پسپۆران , پارێزەران , پزیشک و توێژە جیاجیاکان لەدەوری چاک کۆبوونەوە , تەنانەت کار گەیشتە  ئەوەی پرۆفیسۆر بێشەکچی  شانازی بە ئەندامبوونی خۆیەوە بکات لە ڕیزەکانی چاکدا , لە وڵاتی سویدیش چەندین کەسایەتی سیاسی گرنگ بوونە ئەندامی شانازی ئەم ڕێکخراوە,هەر پارساڵیش یەکێک لە چالاکترین کۆمیتەکانی چاک کە کۆمیتەی باکووری کورستانە ,وەک یەکێک  لە چالاکترین کۆمیتەکانی

چاودێری کوردۆساید ناسراو به چاك له ٦ - ١ - ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە ٢٤ - ١ - ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

ڕێکخراوەکەمان هاتە دامەزراندن ,چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ڕۆژئاواش دەکەین لە ماوەی نزیکی داهاتوودا .

ئەمڕۆ چاودێری کوردۆساید ئەو ڕێکخراوەیە توانیوییەتی تا ئاستیَ کاریگەرانە داکۆکی لە بەجیَ ماوی قوربانیان و ئازادییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بکات .بەستنی کۆنگرەی سێیەم بەشێوەی کراوەو ئازاد لە کات و ساتی دیاریکراوی خۆیدا، بە گۆڕینی ناو و ئارمی ڕێکخراوەکەمان سەلماندمان کە چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی تەواو دیموکراتی و مۆدێرن و نەترس و بەرژەوەند نەویستە .

چۆن [٩] ساڵ لەمەوبەر بە بەیاننامەیەک خۆمان ڕاگەیاند , بڕیارمان دا [چاک] بین بۆ دۆزی ڕەوای گەل , لە داهاتووشدا چاکتر و بوێرتر و سەربەخۆتردەبین , لەسەر پەیامەکەی خۆمان بەردەوام دەبین وەفادارانە کاردەکەین بۆ پرسی کوردۆساید.

ئێمەی ئەندامانی چاودیری کوردۆساید پەیمان بە کەسوکاری قوربانیان و ئازادیخوازان و داخوازیکەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان دەدەین , لەسەر میتۆدی کارەکانمان بەردەوام بین ,

چاودێری کوردۆساید چاکی هەمووانە, لە هەگبەیدا زۆری هەڵگرتووە و زیاتری پێدەکرێت , بەهێزی بکەن و پەیوەست بن بەڕیزەکانییەوە .

لە کۆتایدا بەم بۆنەوە جێگەی خۆیەتی کە
سڵاو دەستخۆشی و پیرۆزبایی بۆ هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ناوەندەکەمان بنێرین کە دڵسۆزانە کاریان بۆ بەرزکردنەوەی ڕێکخراوەکەمان کردووە.

یەکەم بانگەوازی ڕاگەیاندنی چاک
http://chak.be/pages/Beyani%20Damezrandni%20CHAK.pdf

لیستی چالاکییەکانی چاک لە ناوەڕاستی فیبریوەری ٢٠٠٨ ەوە :
http://www.kurdocide.com/ku/news_cats.php?cat_id=11

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە ٦ - ١- ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە ٢٤ - ١- ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

بۆ بوون به ئه ندام :
http://www.kurdistannet.biz/CHAK/form_andam.html

بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی چاودێری کوردۆساید –کۆنگرەی سێیەم
http://www.kurdocide.com/ku/news.php?readmore=7024


چاودێری کوردۆساید-چاک
**Kurdocide Watch**
**٢٠١١-١-5**
www.kurdocide.com
www.kurdocidewatch.net
kurdocide@hotmail.com


**چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە ٦-١-٢٠٠٢ دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی(**ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالــکردن‌و جینۆسایدی گەلی کـورد- چاک**)کاری دەکرد، لە بەرواری ٢٤-١-٢٠٠٩ ئەم ناوەی وەرگرت ,تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات .**

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە ٦ - ١ - ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە ٢٤ - ١ - ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.